# وڕێـــــــنه

**حەمەسەعید کەلاری**

**«راستە خۆ من نە بەشێوە نە بەتەمەن کەڵکی دڵداریم نەماوە**
**بەڵام چیبکەم کەوا ئەوین وەک پەتایەک سەری لەگیانما هەڵداوە» .... (پۆشکین)**

من بۆم نووسی
بەر لە کۆچێکی ناوادە، وەرە تێرمکە لە
رەشاقەتی پێکەنین
دەمم پڕکە لە سوورایی دەنکە ناری مزری
ئەوین
کونجێک لە دنیای دڵی خۆتم بۆ وازکەو
لەدڵی گەورەم بڕوانە
غەیری غەمی کەنارییەکی دڵشکاو
هیچی تری تیادا نییە
گەرووم هەڵدڕەو بژنەوە، پڕە لەئاوازی
خنکاو

لە پێنجەمین وەرزی ساڵدا دڵم چۆڵکەو
(بچۆ نێو جەنەتی دیدەم)*
ئا لەوێوە نیگای پەپوولەیەکی پایز بکە
ئەوە رۆحی تامەزۆرمە
بەسەر کەڵە گیایەکەوە هەموو جەستەی
بووە بەچاو

* * *

شەوێ لەتەک یەکەم فەسلی دوا نۆڤڵێتی
منداڵیما
لەساتێکی بەهاریی پڕ مەحەبەتا،
گوڵەچنەی پەرێزی تەمەنم ئەکرد

دەنگی ئەو بوو، دنیای خەیاڵی پەرتبووی کردە
چراخان
خوڵکی گەرمی شەوەشیعرم بێسەمەر بوو، دادی
نەدا
بەدەم دەرگای ژووری بێدەنگییەکی زۆر کوشندەوە
کروشکەی کرد
چاوەڕوانیم شین بوو بەدیار ئەرخەوانی تەماشاوە
هەندێ تێی روانیم دوو چاوی بوو بە دوو کانی
گۆنای شەرمی سوورهەڵگەڕاو ئاونگی گرت
خونچەی دەمی هەر نەپشکوت،
وەکو جاران پێی نەوتم، دەدەی شێتە نەختێ خەمی
خۆشەویستی بدە بادا
با رۆحم مەست بێ بەعەتری گوڵە شەوبۆ
نەیوت ئۆۆۆ هۆۆۆ بێقەزابیت ئەم چەپکە تامەزرۆییە
تاکەی بەدەست بێدەنگییەوە بژاکێ؟
بیشەکێنە، با هەست پڕ بێ لە بۆنی رەشەرێحانە
ئەو شەوە ئەو مەکربازە گوێلێ نازی نەباران بەسەر
رۆحمدا
هیچی نەوت، ماڵئاوایی کرد و رۆیشت.
لەماوەی ساڵە شیعرێکدا ریشی رەشی چامەی
شیعرم بوو بەلۆکە
دوانزە مانگە بەپێوەری عەشقێکی شێت، چنگی
تاسەم ئاوەڵایە
کەچی دەمەو بەیانیانێ شەونم ئاسا نەبارییە سەر
گوڵزاری خەونێکمدا
جارێ نەیکرد (بادی خۆش مروور) رابسپێرێ و
پێی بڵێ: **
بەم ناونیشانەی خوارەوە ئەم نامەیەم بگەیەنە کاک
حەمە:
کوردستان
پیرەشاری نوێپۆش
گەڕەکی بەختیاری- کۆڵانی ژمارە حەوت نزیک
ماڵی سیاچەم
بەرانبەر خانووی ژمارە هەشتی سیاچارە
رۆژێ نەیکرد بەباڵی پەڵەهەورێکا پۆستێکم بۆ رەوانەکا
بڵێ هاوڕێم، ئەوە کەوچکێ وزمەی سەوز
ئەوەشیان کیسەیەک زەردەخەنەی قاچاغ، لە قەسرشیرینی
عەشقەوە
بەدیاری دەنێرم بۆت، باڵا چامە شیعرەکەتی پێ
رەنگ بکە
ئەمەش لێوڕێژ، پڕ ناوکی کیژەشیعرێکی
بەهەشتی، حەشیشەی زەرد
سەری گێژی شەوێکی هەینی هۆشنکە
پاش کۆچی ئەو گشت ویژدانەی
دوای مەرگی خۆم
بە "یاهووی" وەفادا رۆژێ پرسەنامەیەکی نەنارد
بە "دانا" بڵێ:
(عەزیزەکەم چاوەحۆلەکانت ماچ دەکەم
مرۆدۆس عومری درێژی بۆ تۆ بەجێهێشتبێ
من خۆش
شیعر سەلامەت)

**پەراوێز**

**• لەشیعرێکی نالی سوودم وەرگرتووە کە دەفەرموێت: (تۆ کە حۆریت، وەرە نێو جەنەتی دیدەم، چ دەکەی لەم دڵەی پڕ شەرەرو سینەیی سۆزانمدا؟!)**

**•• هێمایە بۆ چامە ناودارەکەی (نالی)**